# عەلی مەحمود
# خەم خۆرێکی بەردەوامی جینۆسایدی کورد

قادر نادر

2005/11/29

چەند سالێکە ناوەندی چاک گۆرانێکی ریشەیی و بەرچاو ی لە خستنە روی کێشەی ئەنفال هێناوەتە ئاراوە لەهەندەران و کوردستان ,بەردەوامیش لە هەولدانە بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال نوێترین نمونەش دادگایی کردنی فرانس ڤان ئەنراتە .

یەکێک لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی عەلی محمود محەمەدە ناسراو بە( عەلی سیاسیە) , بۆیە وەک رێز لێنانەک کە رۆلێکی بە رچاوی هەیە لە بەرەو پێشچوونی ئەم دادگایی کردنە و ئێمەی کوردیش تا کەسێکی تێکۆشەرمان مالئاوایی یە کجاریمان لێ نەکات هەست بە شوێن پێ ی ناکەین ,بۆیە پێم باشە ئەم چەند دێرەی لەسەر بنوسم.

یەکەم نارەزایەتی خەلک لەشاری هەولێرخۆپیشاندانێکی جەماوەری بوو کۆتایی سالی 1991 ئەنجام درا دژ بە دزی و تالانیەکانی بەرەی کوردستانی , عەلی سیاسیم لەو خۆپیشاندانە دیت, یەکێک لە دروشمەکانی( ئازووقە بۆ هەموان , لەناوچێ دزو تالان ) بوو , 15 سالە ئەم دروشمە زۆر بەراستگۆیانە وبەردەوام بێ کۆل نەدان بەهەمان گورو تینی راپەرین دەلێتەوە.

هەموو باوک و دایکێک لەهەندەران دەزانێت بەخێو کردنی مندال چ ئەرکێکی قورسەو نەبوونی کاتیش چ کێشەیەکی گەورەیە, کاک عەلی خاوەنی 4 مندالە کەچی بەردەوام خەریکی( نوسین , بەشدار لەکۆرە سیاسی وجەماوەریەکان ,کەمپین ,خۆپیشاندان ,مانگرتنە) لەملاشەوە بەردەوام پالپشتێکی گرنگی چەند مالپەرێکی کوردی و عەرەبیە,ئەمە جگە لەوەی پەیوەندیەکی فراوانی لەگەل دەیان رۆشنبیرو کەسایەتی سیاسی لەهەندەران و کوردستان دا هەیە بۆیە هەرژمارەیەکی تەلە فۆن یان ئمێلێکی رۆشنبیرە پاک و دلسۆزەکانت پێویست بوو بێ دوو دلی لای ئەم بەرێزە هەیە.

ئەگەر شەهید رەئوف ئاکرەیی یەکەم کەس بو بێت پەرتوکی لەسەر ئەنفال نوسیبێت ئەوا عەلی سیاسی یەکەم کەس بو هەولیدا کێشەی ئەنفال ببێت بە مەسەلەیەکی جەماوەری و تەکانێکی گرنگی بەم پەروەندە داوە,هەموو لایەک باش دەزانن یەکەم جارخۆی وکۆمەلێک کەسی پێشکەوتوخوازی کوردپەروەر سالی 95 لەشاری هەولێر یادی ئەم کارەساتەیان کردەوە, تا لەکوردستان بوو سالانە سەرپەرشتی یادەکانی دەکردەوە رێکخراوێکی چالاکیشیان هەبوو بەناوی (کۆمەلەی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان),کە رێگای هەندەرانیشی گرتەبەر, مەسەلەی ئەنفال لە هەندەران گروتینەکی نوێ ی بەخۆوە دیت.

لە حزبایەتیش دا پێچەوانەی رەوتی زۆرینەی خەلک کام حزب (بەتایبەتی چەپەکان ) روبەرووی فشاری پارتی و یە کێتی ببوایە وە لەم ماوەدا رۆلی کادیرەکی ئەم حزبەی دەدیت وە ک لەکاتی تیرۆر کردنی( رەئوف ئاکرەیی و حەمە حەلاق و مامۆستا ئەمینی جوتیاران.........)

سالی 2000 دوای 4 سال دابرین لە یەکتری لەسوریا بەدیداری یەکترشاد بووینەوە بەلام ئەم تاکە کەسێک بو لەوکوردانەی هەندەران دیتم ,نەبەدوای کچی جوانی سوری کەوت نە شمەک کرین و گەران نەبە دوای جوانیەکانی سروشتی دیمەشق , 3 رۆژ لەم ولاتە ژیا تەنیا بەدوای ئەو پەرتوکانە بو کەدژ بە سەلەفیەت و خزمەت بە بیری پێشکەوتوخوازی بوو ,هەربۆیەش کاتێک جانتاکانیمان بەرەو فرۆکەخانەی دیمەشق برد تەنیا 10کیلۆی کەل و پەل بوو 30 کیلۆی تەنیا پەرتوک بوو.

لەسەرەتای راپەرینەوە تائێستا کەم کەس هەیە خەونی بە بنکەکانی گومرگەوە نەبینێت تا بە چەند مانگێک پلەی چینایەتی بەرزبێتەوە ,کاک عەلیش لە گومرگ کاری دەکرد بەلام ئەو دارایی نەبوو بەلکو هی فرۆشتنی سەوزەو میوەهات بوو لەبری دۆلارو دینار لێدان ئەو لە پەنایەکی گومرگدا تکەو کەبابی لێدەدا.تابژێوی ژیانی مال و مندالی بە سەربەرزانە دابین بکات.

له 15 سالی رابردودا سەرجەم نوسینەکانی تایبەت بووە بە بیری چەپ و رەخنەگرتن لەدەسەلاتی کوردی بەرامبەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و بەرتەسکردنەوەی دیموکراسیەت و گرنگی نەدان بە پەروەندی جینوسایدی گەلی کوردستان, رۆژانە هەولی داوە ئەو دیوارە ترسە بشکێنێت کە دەسەلاتدارانی کورد وەک دیواری بەرلین دروستیان کردوە,ئاخر ئەونوسەرێکی درۆزن نەبوو لەگەل نوسینەکانی چاوی لەوە بێت دەسەلاتدران پلەیەکی بدەنێ تا ببێت بە پەیامنێری دەسەلات لەناو رۆشنبیراندا, بە قەد ئەوەی ئازاری خێزانێکی ئەنفالکراو کەم بکاتەوە وزەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێویان. ئەمە ش جوانترین وشانازیترین پاداشتە لە مێژوو بە هەموو کەس تۆمار ناکرێت.